# مەستی شەوێک.... لە بەردەم پرسەکانی سبەیدا

ژاوێن شاڵی



دەبێ پرسێ بە زەمان کەین،
هێشتا کات ماوە بۆ دانیشتن؟
تا کەی دەبێ لەسەر کەشتی
چاوەڕوانی
دانیشین و، بیر کەینەوە؟
لەگەڵ تەنیایی دانیشتم
پێکەوە قاوەیەک بخۆینەوە،
بەیادی زەمانی رابوردوو
بەیادی لەیادکراوی، لە یادنەچووا!
بەیادی سەوزایی باخی خەیاڵم
لە رۆژانی مناڵیا
بەیادی باخی پاییزم
لە سەرابی غەریبییا
باوەشت پێدادەکەم شەوی تارم
(ئەمشەو شەوی لەدەستچوونە)
نەفرەت لە ژیان ئەکەین و، دەرگای
مردنێک ئەکەینەوە
پشت لە چراکان دەکەین و لە
زوڵمەتا
تروسکاییەک بۆ فەرامۆشی
داڵدە ئەدەین
کە ژیان ڕسک کردنێ بێت، لە نێوان
بوون و نەبوونا
با ڕسک بەم عەشقە بکەین
لە نێوان گریمانەی بەیەکگەیشتن و لەدەستچوونا
وەرەو لە شەوێکی عەشقا
لەگەڵ حەرامکراوەکانا ئاوێزان بین و
بەیانی لە یاد بکەین
با باخە پەژموردەکانی چاوەڕوانی
سەوز ببنەوە ماچ و
سەر جێگاکەم گوڵاوی لێبرژێ
سەیر کە بێ تۆ چۆن باخم پیر بووەو

گوڵی مردنی گرتووە
بوومەتە باڵندەیەکی بریندارو، لە گەورەیی
زەمانێکا ون بووم
لە پەلەقاژێی ژیان و مەرگا
کە ژیان لە پەنجەرەوە سەرەتاتکێ ئەکات و
مەرگێک، موحتەرەمانەو بێ پرس
لە دەرگای ئەم وەرزە ئەدات و
ئەڵێ ئیتر کات، تێپەڕی...